# شێوازی کاری ناتوندوتیژ

## لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دروست




ئاسۆ وەهاب

2015
Kalar

ناوی پەرتووک : شێوازی کاری ناتوندوتیژ

ئامادەکردنی : ئاسۆ وەهاب

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك : پالیۆنی

ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی سەرچاوە کراوەیە

open source

شێوازی کاری ناتوندوتیژ لە لایەن creative commons
مۆڵەتی پێدراوە، بە ڕێژەی پۆلێنی 4.0ی نێودەوڵەتی (cc)

﴿ هەموو شۆڕشەکانی مرۆڤایەتی کەسێکی لە پشتەوەیە کە کتێبێکی خوێندووەتەوە ﴾



وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری سەرەکی هاندەرمە بۆ نووسینی ئەم بابەتە، یەکەمیان، ئەوەیە بۆ چی کوردان بەتوندوتیژی نەبێ ناتوانن گوزارشت لە داواکانیان بکەن؟ دووەم، ئایا ئەزموونی کوردی لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی دا بەدەست قەیرانی نەبوونی شعوری سیاسییەوە ناناڵێنی ؟

بۆ یەکەمیان، مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت کە کوردان بەدرێژایی مێژووی دوورو درێژیان لەناو مێژوودا کەمترین مەودای گفتوگۆیان پێدراوە لەگەڵ دوژمنانیاندا یان کەمترین مومارەسەیان هەبووە، بە پێچەوانەیشەوە زۆرترین مەودایی توندوتیژی بەدی دەکرێت کە لە ئەنجامی پەرچەکرداری بەرگریکردندا مومارەسە کراوە، دوورو درێژی ماوەکانی ئەو مومارەسەیەش وایکردووە توندو تیژی ببێتە بەشێك لە کلتووری مامەڵەکردنی کوردان لەگەڵ دەسەڵاتدا ئیدی دوژمن بێت یان کوردی، ئەزموونی خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکانی ساڵانی رابردوو ئەو حەقیقەتە دەردەخەن ..

وەڵامی پرسیاری دووەم ئەوەیە کە دەسەڵاتداریێتی کوردی لە قەیرانی نەبوونی شعوری سیاسیدا دەژی، ئەم دەسەڵاتە هەر لە ئەزموونی ( رۆژنامەی هەواڵ ) ەوە، تا وەکو ئەمڕۆ رەخنە یەك ملیمتر چییە نەیورووژاندووە تا بیر لە خۆی بکاتەوە، تا وایلێهاتووە رووناکبیران ورۆژنامەوانان وتەنانەت عەوامی خەڵکیش بڕوایان بە دەسەڵاتی چوارەم نییە وەکو دەسەڵاتێکی چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانی ترەوە، هەر ئەمەشە وایان لێدەکات لەگەڵ دەستکەوتنی هەر هەلێکدا پەنا بۆ توندوتیژی ببەن وەکو ئامرازێکی هەناسەدان لەو هەموو فشارەی لە سەر دەروونیان کۆبووەتەوە، چونکە ئەزموونی رۆژانەیان ئەوەیان فێرکردووە کە ئەوان گوێ ناگرن وخۆشیان لە راستییەکان دەشارنەوە، لەم ساتەوەختەدا ئەوەم بە بیردا هات کاتێ گەلی فەرەنسا بەدەست برسێتییەوە دەیناڵاند، غەڵبەغەڵب وهاواریان گەیشتە کوشکی پاشا، لەوێندەر ماری ئەنتوانێتی شاژن پرسیاریکردبوو ئەو خەڵکە بۆ هاوار دەکەن ؟ خزمەتکارەکانی کوشکی پاشایەتی گوتبوویان نانیان نییە بیخۆن، جەنابیشی گوتبووی با پسکێت بخۆن !! ئەنجامیش ماری ولویسی شازدە بە مەقسەڵە ملیان پەڕێنرا!!

لای خۆیشمان لە بەرپرسێکیان پرسیبوو ئایا کارەبای ماڵەوەتان دەبڕێت ؟ گوتبووی وابزانم کە لە ماڵ دەردەچم دەبڕێت !! ئەگەر چی رووداوەکان جیاوازن بەڵام لە گەوهەردا هەڵگری هەمان دەلالەتە. کە یەکەم جار کەلارو هەڵەبجەو ئاکرێ خۆپیشاندانیان کرد بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی ژیان بینیمان یان بیستمان چۆن وەڵامی خۆپیشاندەران درایەوە، ئەگەر چی سەد دەر سەد لەگەڵ توندوتیژیدا نیم، بەڵام نە فەرمانبەرێك نەبەرپرسێك نە وەزیرێکمان نەبینی واز لەکارەکەی بهێنێ لەئەنجامی ئەو کەمتەرخەمییەی کە لە شوێنەکەی خۆیەوە نواندوویەتی.. پیاوێکی پیر لەگەڕەکەکەماندا هەیە هەمیشە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەگەر فەرمانڕەوایەتیکردن لەسەر ئەو

ستایلە بکرێت کە لە کوردستاندا هەیە ئەوا ئەو هەر لەماڵەکەی خۆیەوە سێ چوار وڵات بەڕێوە دەبات، دەسەڵاتێك ستراتیژییەتی کاری نەبێت بۆ ماوەی دوورو پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان وەك ئاوو کارەبا وسووتەمەنی دابین نەکات و گوێ بۆ رەخنەکان نەگرێت، ئایا دەبێت بە زمانی بەرد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ؟

ئێستا بەڕەوای دەزانم پرسیاری ئەوە بکەم ئایا پەنا بردن بۆ توندوتیژی چارەسەرە؟ وەڵامی بەرایی ئەوەیە نەخێر، بۆ ؟ لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی بوار بۆ بەرامبەر دەرەخسێنێت دوو شتی سەرەکی بکات یەکەمیان شەرعییەت وەرگرتنە تا لەبەکار هێنانی توندوتیژی زیادڕەوی بکات ، دووەم تا رەوایەتی لەکارەکە بسێنێتەوەو بیکاتە داواکارییەکی ناڕەوا، پاشان فەرامۆشی بکات، هەروەها زیادڕەوی کردنەکەی لەبەکارهێنانی هێزدا ترسێك لەلای بەرامبەر دروست دەکات تا دووبارە دەنگ هەڵنەبڕێت .

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئەوانەی خۆیان بەڕابەری ئەو خۆپیشاندانانە دەناسێنن دوو خاڵی سەرەکیان فەرامۆشکردووە، یەکەم نەبوونی ئامانجی سەرەکی وکارکردن بۆ ئەو ئامانجە پێش وپاش هەر خۆپیشاندانێك، دوو دانیشتن لەگەڵ لایەنی دووەم ووەرگرتنی قەرەبوو، بەوەش جارێکی تر شەرعییەت دەداتەوە بەو هەڵویستەی کە بەرامبەر نواندوویەتی بۆ کۆنترۆڵکردن، لێرەوە بەباشی دەزانم رێگەچارە مەدەنی وناتوندوتیژەکان بخەمەڕوو بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان کەڵکی لێوەربگرین:

**سەرەتا ناتوندوتیژی چییە ؟** ئەو شێوازو ئامرازە کۆمەڵایەتی ودەروونی وئابووری وسیاسیانەیە کە پیادە دەکرێت بۆ دروستکردنی فشار، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژ ببرێت بۆ یەکاڵاکردنەوەی مەسەلەکان، هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ پەیوەندی بەئاستی هوشیاری وئاگای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی هەیە کە لە جوڵەی خەباتدایە، لایەنگرانی ناتوندوتیژی بەو جۆرە راڤەی واتای هێز دەکەن کە کۆمەڵگەو تاکەکانی، لەگەڵ دامودەزگا مەدەنییەکان خاوەنی هێزێکی شاراوەن وئەو هێزە بەردەوام لە هەڵکشاندایە، ئەگەر ئەو هێزە بە رێڕەوی سروشتی خۆیدا ببرێت ئەوا دەنگی هێندە بەهێزە کە هیچ کەس و هێزێك ناتوانێ رووبەرووی ببێتەوە، گۆڕانەکانی ئەم دواییەش لەسەر ئاستی جیهان وتەنانەت ناوخۆیش ئەو حەقیقەتەی سەلماند کە **پەنا بردن بۆ هێزی توندوتیژ ئاقاری خراپی دەبێت لە ڕووی:**

١- شەرعییەتدان بە بەرامبەر بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی رادەبەدەر بۆ سەرکوتکردن.

٢- هاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوو لادا بێبەرامبەرو بەوە ئەو لایە براوەیە کە خاوەنی سامان و تەقەمەنی زۆرترەو دەتوانێ بەردەوام بێت لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ماوەی دوور.

٣- پەنا بردن بۆ هێزی توندوتیژی لایەنگری ناوخۆیی وهاوسۆزی ئیقلیمی وجیهانی کەم دەکاتەوە بەوەش شەرعییەت دەدرێتە بەرامبەر بۆ سەرکوتکردن.

٤- تەوزیفکردنی  توندوتیژی بەکاربراو بۆ بەرژەوەندی رژێمەکە .

دەبێت ئەوەش بزانرێت کە خەباتی ناتوندوتیژ خەباتێکی نەرێنی نییە، بگرە بەرنگاربوونەوەیەکی ئەرێنییە کە وادەکات شەرعییەتی بەکارهێنانی توندوتیژی لەبەرامبەر بسێنێتەوەو بەکارهێنەرانی توندوتیژی بخاتە سونگەی تاوانبارییەوە، هەروەها شەرعییەتی ناوخۆیی وجیهانی ببەخشێتە جوڵەی گروپ یان جەماوەر .

ئەوەی لە ئەزموونەکانەوە بەرچاومان دەکەوێت ئەوەیە کە هەمیشە کەمینەیەك لەمیللەت دەنگ دەردەبڕن وزۆرینە بێدەنگییەکی کوشندە هەڵدەبژێرن، ئەمە وا لەبەرامبەر دەکات زیاتر پێراکێشێت لە ئازاردانی ماددی ومەعنەوی خەڵك، هەروەها زۆر لەجوڵانەوەکان تەبەنی گۆڕانی توندوتیژ دەکەن لە بەرامبەر گۆڕانی ناتوندوتیژ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ناتوانن ئەو هێز ناوەکییە بورووژێنن کە لە میللەتدا هەیە، هەروەها خاوەنی لێهاتوویەکی ئەوتۆ نین بۆ کەڵك وەرگرتن لە شێوازو ئامرازە کۆمەڵایەتی وسیاسی ودەروونی وئابوورییەکان بۆ پیادەکردنی فشار بەبێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی راستەوخۆ ببەن.

لە قسەکردنیشماندا لەسەر **هێزی ناوەکی میللەت** دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم هێزە دابەش دەبێت بۆ دوو گروپ کە ئەمانەن-:

١- هاوڵاتی چ بەتاك بێت یان گروپ.

٢- دەزگاو رێکخراوە سەربەخۆو تورِی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانە گەورەکان، لەگەڵ دەزگا ئابوورییەکان، سەندیکا، گروپە ئەدەبییەکان، دەزگا ئایینی وکلتوورییەکان ویانە وەرزشییەکان، لەپاڵ پارتە سیاسییەکان (ئەوانەی لە دەسەڵات نین) .

پێویستە **گوتاری جوڵانەوەی نەیارانی دەسەڵات** (ئەوانەی خەباتی ناتوندوتیژ هەڵدەبژێرن) بە دوو ئاڕاستە بێت :-

١- گوتارێك ئاڕاستەی تاك بکرێت وبە بەردەوامی بوترێتەوە تا بەبەردەوامی ورەی بەرز بکرێتەوە، چونکە لە کۆتاییدا تاك ئامانجی یەکەمە لە ململانێیەکە.

٢- گۆتارێك ئاڕاستەی دامودەزگاو گروپە خاوەن نفوزەكانی ناو كۆمەڵگە بكرێت، ئەوانەی كە پرۆسەی گۆڕانكاری خێراو بەهێز دەكەن و خاوەنی هێزو توانای كۆمەڵایەتی گەورەن بۆ دەربازبوون لە دەسەڵاتی رژێمی فەرمانڕەوا .. هەر ئەمە وا لە دەسەڵاتدارەكان دەكات جەخت بكەنەوە لە سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر رێكخراوە خوێندكاری ویەكێتییە پیشەیی وسەندیكاكان، لەم بوارەدا **(جین شارب)** پێیوایە ( بۆ سەركەوتنی تاك ودامودەزگاكان لە دەستگرتن بەسەر پێگەكانی سیستەمی فەرمانڕەواداو بۆ ئەوەی ئەو پێگەیانە هاریكاری مانەوەی دەسەڵات نەكەن یان بێلایەن بن پێویستە ئەمانەی خوارەوە هەبن:-

١- ئارەزوویەكی رێژەیی هاوڵاتیان بۆ رێكخستنی هێزو تواناكان.

٢- ژمارەی رێكخراوو دامودەزگا سەربەخۆكان.

٣- هێزی رێكخراوو دامودەزگاكان وڕادەی سەربەخۆیی جوڵانیان.

٤- ئەو سەرچاوانەی هێز كە رێكخراوو دامودەزكاكان خاوەنن لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی كە دەتوانن بیخەنە ژێر ركێفی خۆیانەوە .

٥- قەبارەی ئەو هێزە كۆمەڵایەتییەی كە هەیەتی و دەتوانێت بەكاری بهێنێت .

٦- توانای هاوڵاتی بۆ بەرگەگرتنی ئەو دیارییە ماددیانەی كە پێدەبەخشرێت لە پێناو بێلایەن بوونی یان هاوكاریكردنی دەسەڵات .

**ئەو خاڵە گرنگانەی كە پێویستە خەباتی ناتوندوتیژ پشتی پێبوەستێت بۆ لاوازكردنی دەسەڵات وپاشان گۆڕینی :**

١- بێلایەن كردنی تاك وگروپە هاوكارەكانی دەسەڵات، كە سەرچاوەی سەرەكی هێزی دەسەڵاتەو پشتی پێدەوەستێت لە راپەڕاندنی ئەركەكانی مانەوەی خۆی.

٢- دەرخستنی لاوازی وناكارایی و ئیفلیجی دامودەزگاكانی دەوڵەت، كە لە ئەنجامی ناشارەزای ونادڵسۆزی دەسەڵاتەوە وایان لێهاتووە .

٣- زەقكردنەوەی كێشەكانی گەندەڵی بەتایبەت ئەوانەی كە بەرپرسانی ئەو دەسەڵاتە بەرپرسن لێی یان بەشدارن تیایدا.

٤- خستنەڕووی ئازارەكانی خەڵك لە بەرزبوونەوەی نرخی شمەك ونەبوونی پێویستییە سەرەتاییەكانی گوزەرانی خەڵك .

**چەکەکانی شەڕ ناتوندوتیژ**، بریتییە لە ئامرازەکانی خەبات کە ئەمانەن :-

١- شێوازی نارەزای ورازیکردنی لایەنگران بۆ بەکارهێنانی ناتوندوتیژی.

٢- شێوازی هاریکاری نەکردن.

٣- شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی کارا .

ئەم شێوازانە هەر سێ ئاستەکەی خەباتی ناتوندوتیژن کە دەکرێ هەنگاوی تر لە پاڵیاندا بنرێت، هەروەها ئەم سێ ئاستە تەبەنی چەمکی هێز دەکات بەو مانایەی توانای شاراوەیە لە تاك وگروپ ودامودەزگاکانی کۆمەڵگە، کە بە شێوەی زنجیرەیی وهەڵکشان کار دەکەن بۆ گۆڕینی تەرازووی هێز، بەمەش خەباتی ناتوندوتیژ دەبێتە جەنگێکی راستەقینە دژ بە سیستەمە دەسەڵاتدارەکان، هەر وەك (جین شارب) دەڵێت ... ئاستەکانیش دابڕاو نین لە یەکتری بگرە بەسەرکەوتن لە هەر ئاستێك پێویستە هەنگاو لە ئاستەکەی تر بنرێت، واتا پیادەکردنێکی زنجیرەیی ئاستەکان .

## ١ : شێوازی نارەزای ورازیکردنی لایەنگران بۆ بەکارهێنانی ناتوندوتیژی :-

ئەم شێوازەیان پەنابردنە بۆ چالاکی رەمزی بۆ دەربڕینی نارەزای دژ بە کردەوەکانی دەسەڵات تا سەرنجی توێژو پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگە رابکێشرێ بۆ لای مەسەلەکە، هەروەها دەرخستنی کەموکورییەکانی دەسەڵات لە رێگەی سازدانی رێپێوان، نوێژکردن، سازدانی تەعزێی رەمزی .

**ئەمانەی خوارەوەش هەنگاوەکانی کارکردنن لە ئاستی یەکەمی خەباتی ناتوندوتیژ :-**

### أ ) شێوازی جیاواز لە وتاری مەدەنی :

- سازدانی ئاهەنگی وتار خوێندنەوە .
- هەناردنی نامەی نارەزایی بۆ لایەنە حکومی ودامودەزگاکانی دەسەڵات .
- دەرکردنی بەیاننامەی نارەزایی .
- دەربڕینی نارەزایی ئیمزا کراو یان لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن بەشێوەی ئاشکرا .
- پێشکەش کردنی داواکاری جەماوەری .
- دەرکردنی بەیاننامە، تیایدا زوڵمەکانی دەسەڵات بخرێتە روو لەگەڵ داواکارییە گشتییەکان .

### ب) دواندنی جەماوەر لە ڕێگەی :

- دروشم ووێنەی کاریکاتێر وهێماو وێنە .
- هەڵواسینی لافیتەو ریکلام .

* بڵاوكراوەو نامیلكەو كتێب .
* بەكارهێنانی ئەنتەرنێت بۆ گوزارشتكردن لە بیروڕا جیاوازەكانی نەیاری دەسەڵات، لەگەڵ ناردنی نامەی ئەلكترۆنی و بانگەشەكردن بۆ بیروڕاكانی جەماوەر .
* ناردنی SMS و دەنگ ووێنەی تایبەت لە رێگەی مۆبایلەوە .
* تەلەفۆنكردنی هەڕەمەكیانە، تا لە رێگەیەوە بانگەشە بۆ بیروڕاكانی جەماوەر بكرێت .
* بەكارهێنانی رۆژنامەكان بۆ گەیشتن بە جەماوەر .
* بەكارهێنانی رادیۆو تەلەفزیۆنەكان .
* نووسین لە سەر دیوارو زەوی بە شێوەیەكی شارستانی دوور كەوتنەوە لە بەكار هێنانی وشەی ناشارستانی .

## ج) ناڕەزایی دەستەجەمعی :

* سازدانی دادگایكردنی ناراستەقینەو كۆمیدیانە بۆ بەرپرسەكان .
* مانگرتن .
* سازدانی هەڵبژاردنی ناراستەقینە بۆ دەرخستنی هەزەلیەتی هەڵبژاردنەكانی حكومەت .

د) ئەنجامدانی كاری رەمزی وەك :

* بەرزكردنەوەی ئاڵاو رەنگی تایبەت .
* لەبەركردنی هێماو رەنگی تایبەت .
* نوێژكردن لە شوێنە گشتییەكان .
* دابەشكردنی كەرستەیەك، هەڵگری هێمای تایبەت بێت .
* لەناودانی شتە تایبەتەكانی، واتا كەسێك شتی تایبەتی خۆی بسوتێنێ، ئەو شتانەی كە پەیوەندیان بە دەسەڵاتەوە بێت وەك وێنەو بڵاوكراوەكانی دەسەڵات .
* بەكارهێنانی رۆشنای لە شەودا كە هێما بێت بۆ شتێكی تایبەت .
* نمایش كردنی تابلۆی واتادار .
* بەكارهێنانی ئاماژەو ناوی تازە .
* بەكارهێنانی بۆیاخ وەكو ئامرازێكی دەربڕینی نارەزای .
* رێكخستنی كار رەمزی وەك پاككردنەوەی شەقامەكان، چاككردنەوەی باغچەو شوێنە گشتییەكان .
* كۆبوونەوە لەو جێگایانەی كە بەرپرسەكان كار دەكەن یان دیدار ساز دەدەن .
* مانەوە بە شەوو رۆژ لە شوێنێكی گشتیدا .

⋆ دروستکردنی برایەتی لە نێوان سەرجەم تاکەکانی باڵە جیاجیاکان.

**ه) شانۆو میوزک :**

⋆ نمایشکردنی شانۆگەری کۆمیدی لە شوێنە گشتییەکاندا .

⋆ نووسینی دەقی شانۆیی وژەنینی میوزك .

⋆ سازدانی ئاهەنگی گۆرانی وتن .

**و) رێکخستنی رێپێوان وپاداشتدانەوەی رەمزیانەی قوربانیان :**

⋆ رێکخستنی رێپێوان بە نێو شەقامەکانداو بە شێوەی جیاجیا .

⋆ سازدانی نمایشی جیاجیا .

⋆ رێکخستنی رۆیشتنی ئۆتۆمبیل بە ژمارەی فرە .

⋆ سەردانی گڵکۆی قوربانیان .

⋆ راگەیاندنی تەعزێی سیاسی لە بۆنە جیاجیاکاندا .

⋆ سازدانی تەعزێی رەمزی .

**ی) کۆبوونەوەی جەماوەری :**

⋆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ناڕەزایی دەربڕین لە شوێنی جیاجیا .

⋆ سازدانی دیداری دەربڕینی نارەزایی .

⋆ سازدانی کۆڕو کۆبوونەوە .

⋆ دەرچوون لە شوێنێکی گشتی وەکو هێمایەك بۆ دەربڕینی نارەزای .

⋆ هەڵبژردنی بێدەنگی وەکو شێوازێکی ناڕەزایی دەربڕین

⋆ مانەوە لە ماڵداو دەرنەچوون بۆ دەرەوە .

⋆ بەشدارینەکردن لە پێشوازیکردنی بەرپرسان .

⋆ پشت کردن لە بەرپرسان وەکو گوزارشتێك بۆ نارەزایی .

## ٢ : شێوازی هاریکاری نەکردن :

ئەمەیان ئاستی دووەمی چەکەکانی خەباتی ناتوندوتیژە، بەزانینی ئەو راستییەی کە بوونی هەر سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی پەیوەندی هەیە بە هاوکاریکردنی تاك وکۆمەلگە بۆ ئەو دەسەڵاتەوە، بۆیە هاوکارینەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن تاك وکۆمەلگەوە بۆ ماوەیەکی گونجاو دەبێتە هۆی گوێڕایەڵبوونی بۆ داواکارییەکان، کە بریتییە لە :-

أ- هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی .

ب- هاوکارینەکردنی ئابووری .

ج- هاوکارینەکردنی سیاسی .

**یەکەم : هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی، یان ریسواکردنی تاکەکان لە رێگەی :-**

⋆ موقاتعە کردنی هەموو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەی پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە .

⋆ موقاتعەکردنی بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی بۆ هەندێك لەو رووداوانەی کە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە .

⋆ شاردنەوەی سۆز بەرامبەر ئەو رووداوانەی کە بەسەر دەسەڵاتداراندا دێت .

⋆ بێبەشکردنی ئەو دەسەڵاتە لە هاوکاریکردنی کۆمەڵایەتیانە بەتایبەت لەو کاتەوەی کە پێویستی پێیەتی .

⋆ حەرامکردنی هاوکاریکردنی دەسەڵات کە ئەمەیان زیاتر لە رێگەی پیاوانی ئاینییەوە دەکرێت .

⋆ هاڵۆاسین وئەنجام نەدانی چالاکییە هونەری ووەرزشییەکان .

⋆ مانگرتنی خوێندکاران .

⋆ کشانەوە لە دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان .

⋆ مانەوە لە ماڵەوەو دەرنەچوون بۆ دەرەوە بە شێوەیەکی گروپ .

⋆ هاندان بۆ هاوکارینەکردنی تاکەکان لەهەموو ئەو چالاکیانەی کە گوزارشتکردنە لە پشتگیریکردنی دەسەڵات .

⋆ سەفەر کردن یان کۆبوونەوە لەو شوێنانەی کە هەڵگری دەلالەتی تایبەتن یان لە رۆژێکی دیاریکراو کە پێشتر رووداوێکی تیا روویداوە .

**ب/ هاوكارینەكردنی ئابووری :-**

**ئەو كارانەی كە بەكارهێنەران ( المستهلك )دەیكات ..**

**★ موقاتعەكردنی بەرهەمی ئەو كومپانیایانەی كەپەیوەندیان بە دەوڵەت یان لایەن دەسەڵاتدارەوە هەیە .**

**★ موقاتعەكردنی بەكارهێنانی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی كە پەیوەندی هەیە بە دەسەڵاتەوە یان تاكەكانی ئەو دەسەڵاتە خاوەنین .**

**ئەو كارانەی كە كرێكارو خاوەن كارگەكان ئەنجامی دەدەن ..**

**★ مانگرتنی كرێكاران .**

**★ موقاتعەكردنی بەرهەمهێنەران، بەتایبەت ئەوانەی كە پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتدا پتەوەو كار نەكردن بۆیان .**

**ئەو كارانەی كە خاوەن موڵك وبازرگانەكان ئەنجامی دەدەن ..**

**★ موقاتعەكردنی ئەو چالاكییە ئابووریانەی كە دەسەڵاتداران ئەنجامی دەدەن لەلایەن بازرگانەكانەوە.**

**★ بەكرێنەدان و نەفرۆشتنی موڵك وخانوو بە دەسەڵاتداران .**

**★ مانگرتنی گشتی كە لە ماوەی جیاجیا دا بازرگان وخاوەن موڵكەكان ئەنجامی دەدەن .**

**ئەو كارانەی كە خاوەن سەرمایەكان ئەنجامی دەدەن ..**

**★ دەركردن وكێشانەوە ئەو بڕە پارەو دانراوەكانی تر لە بانكەكان بۆ ئەوەی دەسەڵات كەڵكی لێوەرنەگرێت .**

**ئەو كارانەی كە جوتیاران ئەنجامی دەدەن ..**

**★ مانگرتنی جوتیاران .**

**★ مانگرتنی كرێكارانی بواری كشتوكاڵ .**

**ئەو كارانەی كە لەبواری پیشەسازیدا ئەنجامدەدەرێت ..**

**★ مانگرتنی دامودەزگا پیشەسازییەكان .**

**★ مانگرتنی پیشەوەران .**

**★ مانگرتن بۆ پشتگیریكردن لە بوارەكانی تر .**

**شێوازی مانگرتنی رێژەیی .**

**★ مانگرتنی هەڵكشاو .**

**★ مانگرتنی لە ناكاو بۆ ئەوەی بەرامبەر تووشی شۆك بكات و بێ پێشەكی بێت .**

⋆ مانگرتن له رێگەی پابەند نەبوون به یاساکانی ئەو شوێنەی کاری تیا دەکرێت .

⋆ مانگرتن له رێگەی خاوکردنەوەی کارکردن .

⋆ مانگرتن له رێگەی هەرەشەکردن به ئیستیقالەکردن له دامودەزگاکانی دەسەڵات به شێوەیەکی گشتی .

⋆ مانگرتنی سەرتاسەری وگشتی .

**ج /هاوکارینەکردنی سیاسی :-**

له رێگەی هاوکاری نەکردنی دەسەڵاتەوە :

⋆ موقاتعەکردنی دەسەڵاتی یاسا دانان .

⋆ موقاتعەکردنی هەڵبژاردنەکان .

⋆ موقاتعەکردنی ئەو پۆست وپێگانەی کە دەدرێتە کەسەکان .

⋆ موقاتعەکردنی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی ودەزگاکانی حکومەت .

⋆ کشانەوە له دامودەزگا حکومییەکان .

⋆ موقاتعەکردنی هەموو ئەو رێکخراوانەی حکومەت یارمەتی داراییان دەدات .

⋆ لابردنی ئەو هێما تایبەتییانەی کە ئاماژەن بۆ دەسەڵات له شوێنە تایبەتییەکاندا .

⋆ وەرنەگرتنی یارمەتی له حکومەتەوە .

⋆ نەیاربوون و گوێنەدان، هەندێك جاریش به شێوەی گاڵتە ئامێز گوێڕایەڵی بکرێت ئەگەر پەستانی زۆر هەبوو .

⋆ یاخی بوونی ئارەزوومەندانەو ناراستەوخۆ .

⋆ یاخیبوونی مەدەنیانە لەو یاسایانەی کە شەرعی نین .

⋆ بوار نەدان به بڵاوکردنی کۆبوونەوەکان له رێگەی دانیشتن وئەنجامنەدانی هیچ پەرچەکردارێك .

**ئەو کارانەی کە فەرمانبەرانی حکومەت پێی هەڵدەستن :**

⋆هاوکارینەکردنی پایەکانی دەسەڵات .

⋆ نەگەیاندنی فەرمانە و بڕینی پەیوەندییەکان .

⋆ خاوبوونەوەو تەگەرە دانان لەبەردەم کاری دامودەزگا حکومییەکان .

⋆ هاوکارینەکردنی ئیداری لایەنەکانی تری حکومەت .

ئەمانەی کە لەسەرەوە باسم کردن هەموو ئەو رێگەیانەیە کە دەکرێت جەماوەر بیگرێتە بەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی حکومەت لەکاتی هەر کەم تەرخەمییەکدا، لەگەڵ ئەمەشدا بەڵامی هەر تێدەکەوێ، چونکە ئەم هەنگاوانە لەکاتێکدا دەبێت کە لەبەرامبەر جەماوەر، حکومەتێك هەبێ گوێبگرێ لە زمانی ئاخاوتن وگفتوگۆ، نەك باکی نەبێ وتەنها بەزمانی توندوتیژ وزیادڕەوی کردن لە بەکارهێنانی هێز دا کێشەکان بگەیەنێتە نیمچە چارەسەر، کە ئەمەشیان ئەستەمە، بۆیە ئەوکات رێگا کراوە دەبێت بۆ هەنگاونانی تر کە تیایدا کرانەوەیەك بەرووی جیهاندا ڕوو دەدات لەلایەن جەماوەرو ئەو لایەنانەی کە بەم کارە هەڵدەستن .

## ٣/ شێوازی رووبەڕوو بوونەوەی ئەکتیف :-

ئەمەیان سێیەمین ئاستی کارکردنی ناتوندوتیژە، مەبەست لێی بەشداریکردنی راستەوخۆی جەماوەرو رێکخراوو پارتە نەیارەکانە لە گۆڕینی هەڵوێستێك بەشێوەیەکی بنەڕەتی، چالاکییەکانی ئەم ئاستەش بریتییە لە دامەزراندنی حکومەتی جێگیرەوە (بدیل)، دامودەزگای ئابووری جێگیرەوە، راگەیاندنی مانگرتنی گشتی، رێگەگرتنی ناتوندوتیژ بۆ ئەوەی هیچ کارێکی توندوتیژ روونەدات .

## شێوازەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئەکتیف :

**١/ دەستێوەردانی دەروونی ..**

★ مانگرتن لە خواردن .

★ رۆژووگرتنی دەستەجەمعی وەکو گوزارشتێك بۆ ناڕەزایەتی .

★ دادگایکردنی رەمزیانە بۆ تاکەکانی دەسەڵات .

**٢/ دەستێوەردانی جەستەیی ..**

★ چوونە ناو شوێنە گشتییەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوو پاشان چۆڵکردنی .

★ دانانی بەربەستی مرۆیی .

★ نەیاربوونی ناتوندووتیژ لە کۆبوونەوەکانی پیاوانی دەسەڵات .

**٣/ دەستێوەردانی ئابووری ..**

★ داخستنی کارگەو کۆگاکان لە بازاردا .

★ دامەزراندنی دامودەزگای جێگیرەوە( بدیل) .

٭ مامەڵەنەکردن لەگەڵ دەسەڵات بەتایبەت لە بواری ئابووریدا .

**٤/ دەستێوەردانی سیاسی ..**

٭ هیلاکردنی ئیداریانەی دەسەڵات .

٭ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی کە هەواڵگری بۆ دەسەڵات دەکەن .

٭ پیشاندانی ئارەزووی بەنکردن ونەترسان لە بەندکردن .

٭ یاخیبوونی مەدەنی لەو یاساییانەی کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدایە .

٭ کارکردن بە بێ رێیایی کردن بۆ دەسەڵات .

٭ هاککردنی پێگە ئەنتەرنێتییەکانی دەسەڵات .

٭دامەزراندنی حکومەتی سێبەر کە کارەکانی جێگیرەوەی کارەکانی حکومەت بێت

سەرچاوەکانی ئەم باسە :-

١/ من الدكتاتورية الى الديمقراطية اطار تصورى للتحرر، جين شارب .

٢/ بدائل الحقيقة الموجودة، جين شارب .

٣/ كفاح اللاعنيف، جين شارب .

٤/معلومات عن الثورة البرتقالية في اوكرانيا، انترنيت.

٥/ استراتيجية التغيير وأنواع القوة، فتحى ابو حطب .




دانەر : ئاسۆ وەهاب

راهێنەر لەبواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو ئاسایشی ئەنتەرنت لە


INSM IRAQI NETWORK FOR SOCIAL MEDIA

الشبكة العراقية للإعلام المجتمعي

العراقيون يدونون من أجل الإنسان

سەرپەرشتیاری پرۆژەی سایبر کورد

**Cyber Kurds**
kurdish internet security team

asowahab asowahab asowahab asowahab

iraq, kurdistan, suli, kalar city 2015